# ناڕەزایەتیی 'ژینا' لە ئێران

19-09-2022

### نووسەرەکان

زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** بەراییبەسەرهاتی دڵتەزێنی "ژینا" کچە کوردێکی سەقزی کە ماوەیێکی کەم دوای گیرانی بەهۆی یاسا و ڕێساکانی "حیجابی ئیسلامی"، لە تاران گیانی لەدەستدا، خەمێکی هاوبەشی نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری ئێران دروستکرد. هەرزوو، ئەم بابەتە بۆ پرسێکی سیاسی گەورە گۆڕدرا و ڕەهەندێکی نەتەوەیی ـ کوردی وەرگرت، هەروەها بووە بابەتێکی گەرمی ڕکابەریی نێوخۆیی نێوان ریفۆرمخواز و موحافزەکارەکان و بگرە نێوخۆیی موحافزەکارەکانی ئێرانیش.

**بەرایی**بەسەرهاتی دڵتەزێنی "ژینا" کچە کوردێکی سەقزی کە ماوەیێکی کەم دوای گیرانی بەهۆی یاسا و رێساکانی "حیجابی ئیسلامی"، لە تاران گیانی لەدەستدا، خەمێکی هاوبەشی نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری ئێران دروستکرد. هەرزوو، ئەم بابەتە بۆ پرسێکی سیاسی گەورە گۆڕدرا و رەهەندێکی نەتەوەیی ـ کوردی وەرگرت، هەروەها بووە بابەتێکی گەرمی رکابەریی نێوخۆیی نێوان ریفۆرمخواز و موحافزەکارەکان و بگرە نێوخۆیی موحافزەکارەکانی ئێرانیش. ئەمە بێجگە لەوەی کە وەك پرسێکی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان و پرسی ژنان، رەهەندێکی سەرتاسەری و نێودەوڵەتیشی پەیداکرد.پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم رووداوە چ واتایێکی هەیە و دەتوانیت بە چ رەنگێك کاریگەریی لەسەر دۆخی سیاسی ئێران دابنێت؟

## رووداوەکانی دوای ژینا

لە ئێران، بەپێی پاشکۆیەکی ماددەی 638ی یاسای سزای ئیسلامی ئەوەی بەد"حیجاب"ی بکات، لەوانەیە لە 10 رۆژ تا 2 مانگ زیندانی بکرێت یان برە پارەیەکی پێ ببژێردرێت. هەڵبەت ژینا تەنانەت چانسی ئەوەشی نەبوو کە بەپێی ئەو یاسایەش کە لەڕووی مافەکانی مرۆڤەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، گیانی بەخت نەکا و بەماوەیەك زیندانی یان بە پێبژاردنێک رزگاری بێت.جوانەمەرگبوونی ژینا نارەزاییەکی سەرتاسەری نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لەهەموو ئێران دروستکرد کە نموونەی کەمی لە مێژووی نزیکی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگی رابردوودا رەفتارەکانی پۆلیس سەبارەت بە پرسی حیجاب لە ئێران توندتر بووە، بۆیە ئەو رووداوە بابەتێکی نامۆ نییە بۆ زۆرێك لە ئێرانییەکان و لەوانەیە هەر ئەوەش یەکێك لە هۆکارەکانی سەرتاسەری بوونی کاردانەوەکانی دژی رووداوەکەش بووبێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نارەزایی پێشاندانی بەشێکی بەرچاوە لە ئەستێرە و کەسانی ناوداری بوارە جیاوازەکان لە ئێران لە تۆپی پێ-وە بگرە هەتا سینەما، فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر بوو لەوەی کە ئەم بابەتە بە خێراییەکی زۆرەوە جەماوەری بێتەوە.دیارە مانگرتن و نارەزایی خەڵك بەشێوەیەکی فراوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆکبوونی حیزبە سیاسییەکان و چالاکڤانانی مەدەنی فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر بوو.

بێجگە لەوە، مەرگی ژینا وەك پرسێك لە ململانێی نێوخۆیی نێوان ریفۆرمیست ـ موحافزەکاری میانەڕەو لەگەڵ موحافزەکارانی ئێرانیشدا رەنگی دایەوە. هەر لە محەممەدی خاتەمییەوە کە دوای راگرتنی ئەو جۆرە رەفتارانەی کردووە هەتا محەممەد جەوادی زەریف کە گوتوویەتی،

> "من شەرمەزارم."
>
> محەممەد جەواد زەریفی

گەلێ کەس هاتنە دەنگ و سەرۆککۆماری ئێران و بەشێك لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتەش ناچاربوون قسەی لەسەر بکەن و بڕیارە پەرلەمانیش لێی بکۆڵێتەوە. هەر لەو بابەتەدا هەندێك لە ئاژانسەکانی هەواڵیش باسی لەسەر کارلادانی بەرپرسی پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقیی تارانیان کردووە.

## رووداوەکە چ واتایەکی هەیە؟

بەر لە هەموو شتێك، دەکرێ زۆر بە ئاسانی پێشبینی ئەوە بکرێت کە حکومەت چاوەڕوانیی کاردانەوەیەکی  ئاوەها فراوانی نەدەکرد. بۆیە سەرەتا باس لەوە کرا کە پۆلیس لە ژینای نەداوە، بەڵام دواتر باس لە پێویستیی روونکردنەوەی رەهەندەکانی رووداوەکە کرا!

رووداوەکە، کابینەی ئیبراهیم رەئیسیی خستووەتە تەنگەتاوییەکی گەورەوە کە خۆی بەهۆی گرانیی و خراپی گوزەرانی خەڵکەوە دۆخی باش نییە. بەڵام زیاتر لە کابینەی حکومەت، ئەمە دەشێ شکستی پرۆژەی ئیسلامیکردنی زۆرەملێی کۆمەڵگەش بێت کەساڵانێکە کاری لەسەر دەکرێت.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دیمەنانەی کە هەندێك خەڵک لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی مافی پۆشینی ئیسلامی بە دەستبهێنن لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە پۆلیسێك لە تاران دەیەوێ بە زۆر خەڵك ناچار بکات تاوەکو جلوبەرگی ئیسلامی لەبەر بکات!

پرۆژەی حیزبی ئیسلامی، حکومەتی ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئیسلامی و جیهانی ئیسلامی کە لەڕێگەی سەپاندن لە ناوخۆ و ناردن بۆ دەرەوە کاری لەسەر کراوە، دوای زیاتر لە 40 ساڵ هێشتا نەیتوانیوە ئەو کۆمەڵگە ئایدیا لە ئیسلامییە دروستبکات کە ئەندازیارەکانی پلانیان بۆ دانابوو، بگرە ئەنجامێکی زۆر پێچەوانەیشی لێکەوتووەتەوە کە نموونەکانی رۆژانە لە پێشچاون.رەنگە یەکێك لە ئامانجەکانی زیندووهێشتنەوەی پرسی حیجاب و گوشاری پۆلیس بۆ ئەوە بێت کە حکومەت لە دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسیدا، بەردەوام هێزی خۆی پێشانبدات تاوەکو رێگە لە تەشەنەکردنی نارەزایی بگرێت. بەڵام ئەمەش دەتوانێت ئەنجامێکی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە چونکە چەندێک حکومەت راهاتووە بەوەی کە خۆپێشاندانی خەڵك دابمرکێنێتەوە، خەڵکیش ئەوەندە راهاتوون کە بەردەوام و دووبارە خۆپێشاندان بکەنەوە. لە ساڵی 2009وە تا ئێستا بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵك لە شوێن و کاتی جیاوازدا بە پاساوی جۆراوجۆرەوە نارەزایی پێشاندەدەن؛ وەك نارەزاییەکانی بەنزین، ئاو، گرانی و ئێستاش نارەزایی ژینا.

ئەم بابەتە بۆ کوردیش بایەخێکی زۆری هەبوو. لەلایەك سەرنجی راکێشایەوە سەر پرسی کورد لە ئێران و بە گشتی هاوخەمییەکی لەگەڵ کورد دروستکرد. بەجۆرێك کە تەنانەت بەشێك لە ئەستێرە ناودارەکانی ئێران لە کاردانەوەکانی خۆیاندا وشە و زاراوەی کوردییان بەکارهێنا. هەروەها وەك تاقیکردنەوەیەکیش وابوو بۆ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و جۆرێك یەکانگیریی نێوخۆیشی سەبارەت بە پرسی کورد دروستکرد. ئەمە لە بابەتی زارا محەمەدی و هەندێك زیندانی دیکەی کوردیشدا کە لە سێدارەدران هەبوو، بەڵام لەم ئاستەدا نەبوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە جارێکی دیکە، پرسی ماف و ئازادییەکانی ژنانی لە کۆمەڵگەی ئێرانیشدا خستەوە رۆژەڤ.

## کۆتایی

رووداوەکانی دوای مەرگی ژینا دەریانخست کە تەنیا یەکدەستکردنی دەسەڵات لەلایەن موحافزەکارەکانەوە بە تایبەت لە پاش دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەس نەبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ کۆنترۆڵ بکرێت.بە لەبەرچاوگرتنی فراوانی ئاستی نارەزاییەکان، چاوەڕێ دەکرێت کە حکومەت بەشێوەیەکی رانەگەیێندراو هەندێك لە گوشارەکانی سەبارەت بە پرسی حیجاب لەسەر خەڵك کەمبکاتەوە. هەر لە ئێستاوە دامەزراوەی تایبەت بە "ئەمری بە مەعروف و نەهی لە مونکەر" رایگەیاندووە کە ئەوان چەندینجار داوایانکردووە کە دژی بەریەککەوتنی پۆلیس و کەسانی بەدحیجابن و باشتروایە ئەو بابەتانە بەبێ گرژیی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێن.نارەزاییەکەی ژینا جارێکی دیکە ئاستی نارەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران پێشاندایەوە و ئەو وەرچەرخانە بێدەنگەی دەرخست کە رۆژ بە رۆژ لەسەر یەکتر کەڵەکە بووە.